# مندالە گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکە



یووسف عەبدولقادر

چوار کەژی ساڵ، هەرکات بەرەو شار بەرێ کەوتبام منداڵە هەژارە چاوگەشەکان رێگەیان لێ دەگرتم بۆ ئەوەی نزیکیان بکەمەوە لە ماڵەکانیان، کە سەرنجم دەدان، لەسەرماو سۆڵی زستان، لە دۆزەخی هاوین پێستەی دەست و روخساریان هەمووی شەق شەق ببوو، هەرکات سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبوون هەستیان بەحەسانەوەیەک دەکردو لەدو لەدوای پشووەک یەکیان دەیگووت: (خارە گورە بەرۆژە بخۆ) دەتوخوا بیخۆ) زۆرجاران نەیاندەویست یەکسەرە بچن بۆ ماڵەوە چونکە ئەو رۆژە هیچیان نەفرۆشتبوو بەو ئومێدە بوون چەند هەزار دینارێک پەیدا بکەن و بەخۆشحاڵییەوە بەرەو ماڵەوە بڕۆن تەنیا دەیانویست لەشوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە جێ گۆڕکێ بکەن بەس بەگیرفانی بەتاڵ نەگەڕێنەوە ماڵ و چەند هەزار دینارێک دەستکەوتیان بێت، زۆرجار کە دەمێ دونیا زۆر ساردە یان درەنگی شەوە هەموو گوڵەبەرۆژەکانم لێ دەکرین و هەر دەمدانەوە خۆیان بەمەرجێ بچنەوە ماڵ.



رۆژێکیان لەعەسرێکی زۆر ساردو سڕدا ئەو جارە بەپێچەوانەوە لە شارەوە دەگەڕامەوە لەدوورەوە یەکێک لە منداڵە هەناسە ساردەکان لەژێر گردەکە وەستاوە و منداڵە پۆشتەکانیش کۆمەڵ بە کۆمەڵ بە ئۆتۆمبێلە دوا مۆدێلەکانیان لەسەر گردەکە دادەبەزین، هەندێکیان بەپاسەوانەوەش بوون، ئەو منداڵە هەژارەش بەحەسرەتەوە سەیری دەکردن نەک بیر لەوە بکاتەوە کە ئەویش وەکو ئەوان لە قوتابخانە تایبەتیەی سەر کردەکە بخوێنێ بەڵکو بەحەسرەتەوە بوو دەیویست چەند دانەیەک لەو گوڵەبەرۆژە دووسەدو پەنجا دیناریە بفرۆشێت و بەدڵخۆشیەوە بگەڕێتەوە ماڵ، کەلێی نزیک بوومەوە دەستی لێ بەرز کردمەوە و منیش هەروەکو هەمیشە رامگرت بۆ ئەوەی لەو بەرزین و سەرماو سۆڵە رزگاری بکەم بەڵامک ئەوجارەیان کە دەرگاکەی ئۆتۆمبێلەکەی کردەوەو گوتی: (خارە گورەبەرۆژە ناکڕی).

# شاری کورتە باڵاکان بەوێنە!

چەند ژمارەیەک پێش ئێستا، هەواڵی دروستکردنی شاری کورتە باڵاکانمان بڵاوکردەوە، کە ئەو کات ئەو شارە تەواو نەکرابوو، ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی وڵاتی چین بە بڕیارێک کورتە باڵاکانی رەوانەی شارەکەیان کرد، بۆ ئەوەی بە یەکجاری ژیان لەو شارە ببەنەسەر و بە شارێکی نموونەی لە جیهان باسبکرێت، ئەوەی لەو وێنانەش دەرکەوتووە، چەند گرتەیەکە لە شارە جوانەکەی کورتە باڵاکان

ئا: لارین







# بیگلۆ.. کاندید کرا بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار



ئەمساڵ رێژەیەکی زۆر لە دەرهێنەران بۆ کێبڕکێی خەڵاتی ئۆسکار کاندید کراون، هەر یەک لەو دەرهێنەرانە بە شێوازێکی جیاواز لەو بابەتە دەڕوانێت.

بە گوێرەی هەواڵی ماڵپەڕی میهر نیوز، خاتوو کاترین بیگلۆلە رێگای فیلمی سینەمایی (The Hurt Locker) کاندیدی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەرە، سەرەڕای ئەوەش، ئەو فیلمە بەگشتی لە (٩) بواردا کاندید کراوە. ئەو دەرهێنەرە لەوبارەوە گوتی:کاندید بوونی من و هەر کەسێک کە بە شێوەیەک لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە بەشداربووە، شانازییەکی گەورە بۆ ئێمەیە، هەمیشە باوەڕم بەو راستییە هەبوو کە سەرکەوتنی فیلمێکی سینەمایی لە هاوکارییەکانی نێوان گروپێک کە لەو بوارەدا کار دەکەن، بەدیدێت.

فیلمی ئەنیمەیشنی باڵا لە دوو بوار بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار کاندید کراوە، پیت داکتێر دەرهێنەری ئەو فیلمە لەمبارەوە گوتی: ئەو سەرکەوتنە، سەرسورهێنەرە. کاندیدبوون لەو دوو بوار، شتێکی بۆ من سەلماند، ئەوەش ئەو راستییە، کە من دەرهێنەرێکی باشم. لی دانیالز و جیسۆن ریتمەن کە لە کانیدەکانی دیکەی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەرین، خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر بە کاندیدبوونیان بۆ ئەو خەڵاتە راگەیاندووە.

جیسۆن ریتمەن لە مبارەوە رایگەیاند: رێز و سوپاسم بۆ دەرهێنەرانی دیکە کە لەو بوارەدا کاندید بوونە، هەیە.

# مۆبایلێکیش بۆ کەڕوڵاڵەکان!

قوتابییەکی زانکۆ بیرۆکەیەکی خستەڕوو کە دەکرێت کەرولالەکان بتوانن سوود لەو تەکنەلۆژیایەی گەیاندن وەربگرن.

پڕۆژەی (سۆیۆن کیم) بریتییە لە ئامێرێک کە دەق بۆ دەنگ و دەنگ بۆ دەق دەگۆڕێت، ئەو ئامێرە شاشەیەکی لەمسی هەیە کە دەکرێت، تیایدا وشە و ژمارە و هێمای تێدا بنووسرێت، بە هۆی نەرمەواڵەی ناو ئامێرەکە بۆ دەنگ بگۆڕدرێت و بۆ کەسی ئەو بەری سەرهێل بنێردرێت.

هەروەها ئەو ئامێرە دەنگی بەرامبەر بۆ نووسین دەگۆڕێت و کەسی کەرولاڵ دەتوانێت لەسەر شاشەی ئامێرەکەی قسەکانی بەرامبەری بخوێنێتەوە.

ئەو پڕۆژەیە جارێ وەکو بیرۆکەیەک خراوەتەڕوو و بڕیار لەسەر تایبەتمەندی رەقەواڵە و نەرمەواڵەی ئەو ئامێرە نەدراوە.



## بۆ ئەوەی نینۆکەکانتان سەرنجڕاکێش بن

خانمە جوانەکان هەموومان دەزانین نینۆکی جوان و ڕەنگ کراو بۆ ئافرەت جوانییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر نەخش کێشراو بێت، وە ئێستا کە جۆرەها نەخشی جوان و ڕازاوە پەیدا بووە کە زۆر سەرنجڕاکێش و جوانن.



تۆ گەر بتەوێت بە شێوەیەکی پرۆفیشیۆناڵ و بێ کەم و کوڕی نینۆکەکانت نەخش بکێشیت وبیانڕازێنیتەوە، ئەوا پێویستە بچیتە لای دیزاینی نینۆک، بەڵام پێم وابێت هەموو ئافرەتێک لە ئێمە دەست ڕەنگینە بۆ جوانی ونەخشاندنی نینۆکەکانی دەتوانێت خۆی هەوڵ بدات خۆی فێری نەخش کردنی نینۆکەکانی بکات و بە ڕەنگی گونجاو ڕەنگیان بکات بە گوێرەی جلەکانی بەگوێرەی ئەو وەرزەی تێیدایە.

بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا زیاتر ڕەنگە تۆخەکان جوانن وەک ڕەش و قاوەیی و سوری جەرگی، لە پایزیشدا ڕەنگی ئاڵتوونی و برۆنزی، لە هاوین یاخود بەهاردا ڕەنگی کاڵ وەک مۆری کاڵ یان پەمەیی و سەوزی کاڵ.

بۆ نەخش کێشان تۆ دەتوانیت بە فلڵچەی تایبەتی واتە فلڵچەی زۆر باریک نینۆکەکانت نەخش بکێشیت پێویستیشت بە چەند ڕەنگێکی جوان هەیە، بەڵام بیرت نەچێت دەبێت بزانیت ڕەنگەکان ڕێک بخەیت ئەتوانی چەند بریسکەیەکیش بەکار بهێنیت یان نقێمی ڕەنگاو ڕەنگ بەتایبەتی گەر چوویتە بۆنەو ئاهەنگەکان، لەگەڵ ئەوانەشدا خانمی ئازیز، چەن ئامۆژگارییەک هەیە پێویستە ئەنجامیان بدەیت، بۆ جوانی و بەهێزبوونی نینۆکەکانت.



هەموو ڕۆژێک نینۆکەکانت بۆ ماوەی ٥ ـ ١٠ خوولەک بخەرە ناو پەرداخێک ( ئاو و خوێ) وە یاخود دەتوانیت بەرۆنی زەیتوون سەری پەنجەکانت و نینۆکت چەور بکەیت و ماسجی پێبکەیت، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر، یاخود بە ( ئاڤۆکادۆ) چەوری بکە و ماوەیەک دانیشە تا ووشک دەبێتەوە ئینجا بیشۆ پاش ئەنجامدانی ئەم کارە بە چەند هەفتەیەک ئەنجامەکەی دەبینیت کە نینۆکەکانت چەند بەهێزبوون و جوان دەنوێنن.

**ئا: دەریا**

## ئارایشی چاو جوانیەکی دیکە بە روخسارت دەبەخشێت



ئافرەتان پێویستە گرنگیەکی زۆر تەواو بدەن بە ماکیاژی پشتی چاوەکان ڕازاندنەوەو ڕەشکردنی چاو بەشێوەیەکی گونجاو سەرنجڕاکێش دەبن، بۆیە تۆ دەبێت خۆت رابێنیت لەسەر ڕێگایەکی تایبەت چاوەکانت بڕازێنیتەوە بە ڕەنگی جۆراو جۆر بە گوێرەی ئەوجلوبەرگەی ئەو ڕۆژە لەبەری دەکەیت بگونجێت، هەروەها بگونجێت لەگەڵ ڕەنگی چاوت، گەر چاوت قاوەیی بوو ئەوا بە گشتی زۆر ڕەنگی لێدێت، بەڵام گەر چاوت قاوەیی کاڵ بوو، ئەوا ڕەنگی تۆخ یاخود زیوی و ئاڵتوونی.



تۆ هەمیشە پێویستت بە ٢ ـ٣ ڕەنگ هەیە بۆ جوانکردنی چاوەکانت، هەروەها بە چەند فلڵچەیەک کە هەریەکەیان بۆ ڕەنگکردنی بەشێکی چاو بەکار دەهێنرێت، لێرەدا بە چەند خاڵێک بۆتان روون دەکەمەوە کە چۆن بتوانن چاوە جوانەکانتان جوانتر بکەن و سەرنجڕاکێشی بکە.

١ـ پێویستە پێش هەموو شتێک دەمو چاوت پاک بشۆیت و ووشکی بکەیتەوە و پاشان دەم و چاوت چەوربکە بەوکرێمەی کە خۆت ڕۆژانە بەکاری دەهێنیت.

٢ـ پاشان ئەبێت دوو ڕەنگی گونجاو بەکار بهێنیت کە نزیک بێت لەڕەنگی جلەکانی ئەو ڕۆژەت کە ئەتەوێت لەبەری بکەیت ئەو دووڕەنگەش یەکێکیان کاڵ بێت و ئەوی دیکەیان تۆخ بێت.

٣ـ پاش تێکەڵ کردنی دوو ڕەنگە گوونجاوەکە بەشێوەیەکی جوان ئەبێت ڕەنگێکی زۆر کاڵ کەکەمێک بریقەدار بێت هەڵبژێریت بۆ ژێر برۆت تا چاوەکانت گەش و جوان بنوێنن.



٤ـ کاتێک تەواو بوویت لە تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان ئێستا ئەبێت بە ( ئایلاینەر ) پشتی چاوت ڕەش بکەیت یاخود بە قاڵەمی ڕەش تا نەخشە چاووت بە جوانی بکێشیت.

٥ـ ئێستا کاتی (ماسکارا ) هاتوە کە برژانگەکانت ڕەش بکەیت و هەوڵبدە فلڵچەی ماسکاراکە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە بڕوات تا برژانگەکانت درێژ و جوان بنوێنن. ٦ـ ئێستا لە ماکیاژی چاو بووینەوە، پاش ئەم کارانە تۆ دەبێت مایک ئوپ بەکار بهێنیت واتە ئاساس، بەڵام ئاگادار بە کە ڕەنگی مایک ئوپەکەت بگونجێت لەگەڵ پێستت.

**ئا: ڕۆنیا**

ئامادەکردنی لاپەڕە: شوان غەمبار

## ژمارەیەکی پێوانەیی لە کۆکردنەوەی شیر لە قورگدا!

تۆمارکردنی ژمارەی پێوانەیی نوێ لە کۆکردنەوەی شیر لەناو قوڕگدا هاووڵاتییەکی ئوستوڕالی ژمارەیەکی پێوانەیی نوێی لە کتێبی گینیس بۆ ژمارە پێوانەییەکان تۆمارکرد، کاتێک توانی١٨ شیر کە درێژی هەریەکێکیان ٧٢ سانتیمەتر بوو بخاتە ناو قوڕگییەوە، ئەم هاووڵاتییە کە ناوی (چالین هالتجرین)ە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ژمارەکەی بەناوی خۆی تۆمارکردبوو بەڵام، ئەمساڵ توانی ئەم ژمارە پێوانەییە بشکنێت کاتێ توانی ١٨ شیر کەدرێژی هەر شیرێک ٧٢ سانتیمەترە بوو بخاتە ناو گەروی خۆی هالتجرین تەمەن ٣١ ساڵ گوتی: لە تەمەنی شانزە ساڵی ڕاهێنان لە سەر ئەم جۆرە کارە دەکەم ڕۆژانە چەندین کاتژمێر ڕاهێنان دەکەم بۆ ئەوەی گەروم گەورە بێت.



## بۆیەکەمینجار پشیلەیەک ئەژنۆیەکی دەستکردی بۆ دانرا!

بۆ یەکەمین جار لە جیهان پشیلەیەک لە بەریتانیا لەڕێگەی نەشتەگەری تواندرا ئەژنۆیەکی دروستکراوی بۆ دابندرێت، ڕۆژنامەی دایلی تەلەگراف بڵاویکردەوە: ئۆتۆمۆبیلێک پێی لەو پیشیلە نا و پشیلەکە تەمەنی ٨ ساڵانە بۆماوەی دوو ڕۆژ لە دارستان مایییەوە دوایی خاوەنەکەی دۆزییەوە دکتۆری بەیتەری (نویل فیتنریک) کەسەرپەرشتی نەشتەگەرییەکەی دەکرد گوتی: پشیلەکە دەبوایە یان مردبا یان یان دەبوایە ئەژنۆیەکی دروستکرای بۆ دابنێین، چونکە قاچی بە ٨ شوێن شکابوو، لەدواییدا توانیامان ئەژنۆیەکە بە دوو بەشی بەیەکتربەستراو بۆی دابنێین بۆ ئەوەی تارادەیەک بتوانێ بجوڵێتەوە.







## هەیفا وەهبی گۆرانی بۆ ئاشقان چڕی

لە ڕۆژی ٢/١٤ کە بە ڕۆژی خۆشەویستی دادەنرێت و ساڵانە ئاشقانی جیهان، بە تێکڕایی دەڕژێنە سەر شەقامەکان و چەندین ئاهەنگی گەورە لەو ڕۆژەدا سازدەکرێت، لە چەژنی ئەمساڵیش هونەرمەند (هەیفا وەهبی) گۆرانیبێژی بە ناوبانگی لوبنانی گەورەترین ئاهەنگی لە دیمەشقی پایتەختی سووریا سازکرد، ئاشقان و دڵدارانی هۆڵەکە چەندین گوڵی سوورییان پێشکەش بەو هونەرمەندە کرد، دواتر هونەمەندی ناوبراو لە ووتەیەکی پێشکەش بە ئاشقان کرد و هیوای بەختەوەر بۆ خواستن و پیرۆزبایی لە ئاشقانی جیهان کرد.

## مۆمی تەمەن

بە بۆنەی داگیرساندنی چوارەم مۆمی تەمەنی (ژیوان)ی کوڕی هاوکارمان هێمن محەمەد گەرمترین پیرۆزبایی لێدەکەین و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.







# مەماتی باش.. ئەمجارە بێمەوە هەولێر (پۆلات عەلەمدا)ش لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە

گۆگهان ئۆیگونی پاڵەوانی زنجیرە درامای (دۆڵی گورگەکان) کە ناڵە ناوخۆییەکان شەوانە دەبووە میوانی ماڵەکان، لەسەردانێکدا روویکردە شاری هەولێر بە مەبەستی کردنەوەی لقێکی شیرنەمەنی بەناوبانگی تورکی، بۆیە بە باشمانزانی لە نزیکەوە ئەو هونەرمەندە بە خوێنەرانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان ئاشنا بکەین.

*** هەولێرت چۆن بینی؟**

- هەولێر شارێکی یەکێکە لە شارە جوانەکان، سەبارەت بە سەیریکردنی خەڵکی ئەو شارەش بۆ ئەو درمایە تورکیە هەرگیز من باوەڕم نەدەکرد کە بەمشێوەیە ببێتە مایەی سەرنجیان، چەند هەڵوێستێک کە لەو شارەدا بینیم، وایکردووە کە بڵێم خۆشەویستییەکی گەورە لە ناخم دروستبووە سەبارەت بە خەڵکی ئەو شارە، ئێوە تا بڵێم میللەتێکی وەفادرا و بەڕێزن، ئێستا وام لێهاتووە ناتوانم بچمە ۆرک شۆپێک، لەبەر وێنەگرتن لەگەڵ گەنجە جوانەکانی ئەو شارە دێرینە جوانە، بۆیە دەمەوێت پەیمانتان پێدەدەم کە ئەمجارەیان بگەڕێمەوە ئەکتەرێکی گەورە لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە کە ئەویش (پۆلات عەلمدای)شە.



**ئا: جەمال دیلان**

# ژنانی ئەڵمانی بۆینباغی پیاوانی کورد دەبڕن!



رۆژی پێنج شەممە ٢/١١، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگاری هەولێر و نیهاد لەتیف قۆجە قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێرو ژمارەیەک لە پیاوانی ئامادەبوو، مەڕاسیمی ژنانی ئەڵمانی بۆ بڕینی بۆینباغی پیاوانی کوردی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، مەڕاسیمەکەش زۆربەی ئەو ئەڵمانیانە ئامادەیبوون کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، جگە لە نمایشکردنی بڕینی بۆینباغ، مەڕاسیمەکە بە گۆرانی و هەڵپەرکێی ئەڵمانی زیاتر رازێندرایەوە. جێی ئاماژەیە، مەڕاسیمی بۆینباغ بڕین بۆ یەکەمجار لە شاری (بۆن)ی ئەڵمانی لەسەدەی حەڤدەی زاینی بەڕێوەچووە، کاتێک ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان هێرشیان کردە سەر پارێزگاری ئەو شارەو بۆ ماوەی رۆژێک دەسەڵاتیان گرتە دەست.







# چارلز سیرۆن حەز دەکات ببێت بە دایک

هونەرمەندی شۆخ و شەنگی (بەڕەگەر ئەفریقای باشووری) چارلز سیرۆنی تەمەن ٣٥ ساڵان رایگەیاند کە ئێستا ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێتە دایک و منداڵ بەخێو بکات، پاش ئەوەی بۆ ماوەی ٩ ساڵە لەگەڵ هونەرمەندی ئێرلەندیی ستویرت تاونسند دەژیت. جێی باسە سیرۆن خاوەنی خەڵاتی ئۆسکارە بۆ باشترین ئەکتەر لە ساڵی ٢٠٠٣ و تا ئێستا بەشداری لە ٣٠ فیلم کردووە. تا ئێستاش خۆشەویستی بۆ سینەما رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە هەر لەبەر ئەوەش کۆمپانیایەکی وەبەرهێنانی سینەمایی دروست کردووە.

**سەنگەر حوسێن**

# تویۆتا ٤٤٠ هەزار ئۆتۆمبێلی لە بازاڕەکاندا کێشایەوە



کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی تۆیۆتا، پڕۆسەی گەڕاندنەوەی (٤٤٠) هەزار ئۆتۆمبێلی جۆری (پرایەس)ی دەستپێکرد، دوای ئەوەی دەرکەوت کە ئەو مۆدێلەی تویۆتا لە سیستەمی ئیستۆپەکەیدا کێشەی هەیە. کۆمپانیای تویۆتا پڕۆسەکەی لەناو ژاپۆندا دەستپێکردووە، کە ٢٢٣ هەزار ئۆتۆمبێلی جۆری (پرایەس) دەگرێتەوە.

ئەو مۆدێلە کە بە کارەبا و بەنزین کاردەکات، بەناوبانگترین بەرهەمی کۆمپانیای تویۆتایەو لقەکانی تویۆتاش لەسەرانسەری جیهاندا پێشوازی لە کڕیارەکانیان دەکەن بەمەبەستی چاکردنەوەی ئەو کێشەیە کە گورزێکی کاریگەری لەناوبانگی تویۆتا داوە کە بەگەورەترین کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی لەقەڵەمدەدرێت لە جیهاندا.

# بڕوانامەیەکی دکتۆرا لە بواری زانستی بەرگری



لە رێکەوتی ٢٠١٠/١/٢١ بڕوانامەیەکی دکتۆرا لە بواری زانستی بەرگری بەخشرایە خاتوو (شیرین ئەحمەد دزەیی) مامۆستا لە کۆلێژی پزیشکی.

شوێنی گفتوگۆ کۆلێژی پەرستیاری.

ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ پێکهاتبوون لەم بەڕێزانە.

١- د. عەباس عەبود فەرحان پرۆفیسۆر (سەرۆکی لیژنە).

٢- د. مەڕوان محەمەد ساڵح پرۆفیسۆر ئەندام

٣- د. ماجد محەمەد مەحمود پ. یاریدەدەر

٤- د. عەبدولقادر مەغدید پرۆفیسۆر

٥- د. نیزاڵ عەبدولقادر پ. یاریدەدەر

× وەرگرتنی بڕوانامە بە پلەی نایاب

× التاثيير المناعى لنظامين من العلاج على السرطان الثدى دراسه مقارنه.

# گەشتی ئاسمانی لە نێوان (هەولێر و میونخ) دەستی پێکرد

شەوی ٢٠١٠/٢/٧، کاتژمێر ١٠:٣ خولەک بە فەرمی یەکەم فڕۆکەی کۆمپانیای زۆزک، لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیاوە، گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، هەر لەو شەوەدا بەڕێوەبەری کۆمپانیای زۆزگ، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد و باسی لە گرنگی چۆنییەتی کردنەوەی هێڵی ئاسمانی لە نێوان (میونخ و هەولێر) کرد و پاشان وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووسانی دایەوە.

دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر، لە لایەن کۆمپانیای زۆزکەوە، توانرا گەشتی ئاسمانی لە نێوان، (هەولێر و میونخ) بکرێتەوە و ئەم هەنگاوەیش جێی دڵخۆشییە، بۆ زۆربەی ئەو کوردانەی لە ئەڵمانیا نیشتەجێن، چونکە لە کاتی گەڕانەوەیاندا، ماندووبوونیان دەبینی و نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ، لە (هەولێر)ەوە بفڕن بۆ (میونخ) و بە پێچەوانەشەوە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای زۆزک بۆ فڕۆکەوانی، (حاجی فەیسەل کەریم) تایبەت بە گۆڤاری هەرێمی کوردستان گوتی: ئەم هەنگاوە جێی دڵخۆشی هەموومانە و دەبوایە زۆر زووتر ئەم هەنگاوە بهاوێشترایە، چونکە زۆر پێویست بوو بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە بەرلینەوە گەشت بۆ هەولێر دەکەن و بە پێچەوانەشەوە جۆری ئەو فڕۆکەیەی بە کاردێت، لە نێوان هەولێر و میونخ جیاوازە لەگەڵ ئەو فڕۆکانەی وڵاتانی دیکە و جارێ ئەمە یەکەم گەشتە، لە



بەرلینەوە بۆ هەولێر بکرێت. (حاجی فەیسەل) دەربارەی ئەوەی لە هەفتەیەکدا چەند جاران، گەشتی نێوان میونخ و هەولێر دەست پێدەکات گوتی: جارێ نازانین لە هەفتەیەکدا، چەندجار ئەو گەشتە دەکرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەو حالە ڕێکبخرێت و بتوانین بە گوێرەی پێویست هەفتانە گەشتی نێوان (میونخ و هەولێر) بکرێت.

**ئا: شیڤان نانەکەلی**






## چی دەزانی سەبارەت بە:
## گڕکانەکان (١)

گڕکانەکان دیاردەیەکی کەم وێنەی سروشتە کە لەکۆنەوە سەرنجی مرۆڤەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.. هەروەها ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پرۆسەی جیۆلۆجی کە کاریگەری لەسەر مێژوو و پێشکەوتنی توێکڵی زەوی و شکلی هەیە، چونکە زۆربەی بەشەکانی توکڵی زەوی گۆڕانی بەسەر هاتووەو ملکەچی ئەو فشارە گەورەو بەهێزە بوونە کە لەنێو سکی زەویدا بەرەو دەرەوە تاوی داوە.. وڵاتی ئەندۆنوسیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە نزیکەی ١٨٠ چاڵە گڕکانی تێدایە..

پێناسەی گڕکانەکان: ئەو شوێنانەن لەزەوی کە لەقووڵاییەکی زۆرەوە مادە تواوە گەرمەکانی تێیدا هەڵدەقوڵێت، لەگەڵ خۆیدا هەڵم و گازێکی زۆر پەلکێش دەکات. بەهۆیەوە کون یاخود درزێکی گەورە لەتوێکڵی زەوی دروست دەبێت..

مێژوو ڕوودانی لەرزینی زەوی پێش گڕکانەکان تۆمار کردووە، بەڵام ئەو زەمین لەرزەیەش دوو چەشنن، یەکەمیان کە نزیکە لەتوێکڵی زەوییەوە بەدوری ٨ کیلۆمەرتر.. بەشی دووەمیان: لەقووڵایی ٦٠ کیلۆمەتر لەژێر زەوییەوە ئەم زەمین لەرزە ڕوودەدات.. دوای دەرچوونی ئەو مادە تواوە گەرمانەش لەسەر زەوی شکڵی جۆراو جۆر دروست دەبێت، تەنانەت ئەو حاڵەتەش لەناو چاڵ و کەندەکان و شاخەکانیش بەسانایی دیارە..

لەهەندێ حاڵەتیش ئەو زەمین لەرزەیە پێش گڕکانەکان دەکەوێت بە چەندین ساڵأ وەکو گڕکانی فیزۆف ساڵی (٧٩ پ.ز) کە ١٦ ساڵ پێش ڕوودانی هەر ماوە ماوە زەمین لەرزە ئەو شارەی دەگرتەوە، تاکو لەکۆتاییدا گڕکانە بەهەموو هێزو توانای تەقییەوە..

**ڕۆشنا عەلی**

# لاندرۆڤەر دێتە بازاڕەکانی باکووری عێراقەوە

مۆرکردنی بریکار نامەیەکی تاکی نوێ و بۆ یەکەمجار نمایشکردنی مودێلی ٢٠١٠ لەپێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی بۆ ئۆتۆمبێل لاندرۆڤەر کەیەکێکە لەکۆمپانیا پێشەنگە جیهانییەکان لەبواری پیشەسازی ئۆتۆمبێلی پاڵنەری چوارینە، پابەندبوونی خۆی بەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جارێکی دیکە دووپات دەکاتەوە ئەویش بەچوونە نێو بازاڕ لەناوچەی باکوری عێراق کە بەناوی(کوردستانی عێراق ) ناسراوە، بۆیە کۆمپانیای لاندرۆڤەر هەستاوە بەدانانی (سەردار بو بریکارە بازرگانییەکان) کۆمپانیای پێشەنگ لە چوارچێوەی(گرووپی سەردار) کە بە گەورەترین گرووپی تایبەتی ئۆتۆمبێل دادەنرێت،لە عێراق بۆ ئەوەی ببێتە تاکە بریکاری خوی لەو ناوچەیە بەمەش چوونی خوی بو ناوچەکە بەشێوەکی فەرمی ڕادەگەیەنێت بۆیەکەمجار،چاوەڕوانیش دەکرێت کە دانانی (سەردار بو بریکارە بازرگانییەکانی سنووردار) بوونی لاندرۆڤەرو پێگەکەی پتەو بکات لەبازاڕ لەرێگای باشترین فرۆشتن و خزمەتگوزاری دوای فروشتن، هەروەها ژێرخانی بەهێزی و سوود لەتواناکانی کەرتی ئۆتۆمبێلی ئاست بەرز لەناوچەی باکوری عێراق. هەر لە چوارچێوەی پابەندبوونی خۆی بەمارکەی بازرگانی لاندرۆڤەر، گرووپی سەردار بنکەیەکی تایبەتی بو ئۆتۆمبێلی لاندرۆڤەر لە شەقامی گوڵان لە شاری هەولێر داناوەو نوێترین کەرەستەی پێویستی بو دابینکردووە، رووبەری هوڵی نمایشکردن ٢٤٠٠ مەتری چوار گوشە دەبێت، بەڵام ڕووبەری بنکەی خزمەتگوزاری دوای فرۆشتن ١٧٠٠ مەتری چوار گوشە دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا سەردار حوسێن حەسەن، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی گرووپی سەردار گوتی: شەرەف مەندین کەنوێنەرایەتی لاندرۆڤەر بکەین بەشێوەیەکی تاک لەناوچەی باکووری عێراق، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی پڕ لە شانازی لاندرۆڤەرو بەرهەمە تایبەتمەندە هەڵگیراوەکانی و بوونی بەهێزی ئێمە لە بازاڕو ژێرخانی بەهێزی ئێمە و وەبەرهێنان لەدەزگاکان و فەرمانبەرە دڵسوزەکانمان، ئەوا ئێمە چاومان لە باڵابوونی زیاتری ئەم مارکە بازرگانییەیە بو ئەوەی بگاتە پلەی سەرووی ڕیزبەندی لە بازاڕەکانی ئۆتۆمبێلی پاڵنەری چوارینەی ئاست بەرز، شایانی ئاماژە پێکردنە لاندرۆڤەر هەستاوە بە خستنەرووی بەرهەمەکانی ساڵی٢٠١٠بۆد یەکەمجار لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئۆتۆمبێل کە چالاکیەکانی لەسەر خاکی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر لەماوەی ١٠-١٣/یەنایری ٢٠١٠بەڕێوەچووە، بەئامادە بوونی کۆمپانیا سەرەکیەکانی ئۆتۆمبێل لە عێراق، ئەم پێشانگایەی ئۆتۆمبێل رۆڵێکی تەوەری دەبینێت،لەپەرە پێدانی کەناڵی بازارگانی نوێ، ئەویش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژووری کەرتی بازرگانی گەشەکردووی ئۆتۆمبێل لە عێراق و ناوچەکە لەلایەن خۆیەوە(رۆبن کولگان)ی بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی جاکوارو لاندرۆڤەر لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا گووتی: ئێستا کومپانیای ئێمە لە(١٩) بازاڕدا بوونی هەیە، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و لەرێگای هەماهەنگی ئەم دواییەمان لەگەڵ گرووپی سەردار کەناوێکی هاوتای بڕواو چاودێری هاووڵاتیانە، دەتوانین خزمەتی ناوچەی باکووری عێراق بکەین، ئەمە جگە لەوەی کەکومەڵەی بەرهەمەکانی لاندرۆڤەر کە پێشکەشی بازاڕی ئەم ناوچەیەو پێشانگای دەکەین بە هێزو تایبەتمەندێتی جیادەکرێتەوە، بەهەمان شێوەی کەلە سەرتاسەری جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشوازیان لێکراوە، هاووڵاتیان دەتوانن سەردانی هوڵی نمایشکردنی لاندرۆڤەر بکەن لە هەولێر بو بینینی کۆمەڵەی بەرهەمەکانی ساڵی ٢٠١٠ کە رینج رۆڤەرو ئۆتۆمبێلی گەشتیاری دینامیکی رینجروڤەر سپۆرت و ئۆتۆمبێلی پاڵنەری چوارینە لاندرۆڤەر LR4 کە بەم دواییە راگەیەنراوە و ئۆتۆمبێلی ئەفسوناوی دیفیندەر لە خودەگرێت، هەروەها ئۆتۆمبێلەکانی٢٠١٠ چەند پێوەرێکی نوێ لە خۆ دەگرێت لە رووی کارو ئابوورییەوە،چونکە زیادەیەکی بنەڕەتی لە هێزو توانای زیاتری هەیە لە جورەکانی پێشەوەی خۆی ، سەرەڕای کەم بوونەوەیەکی ژووری دەردانی گازەکان و تێکرای بەکاربردنی بەنزین، ناوچەی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست بە یەکێک لەگرنگترین بازاڕەکان دادەنرێت، بۆ کۆمپانیاکانی لاندرۆڤەر، چونکە سەرەڕای حاڵەتی داکشان کە بازاڕەکانی جیهانی و ناوخویی بە خویەوە بینیوە، ئەوا بو لاندرۆڤەر ساڵێکی باش بوو لە فرۆشتن لە ناوچەکە و ئێستا بارودۆخی باشترە بە جۆرێک دەتوانێت سوود لەم دەستکەوتانە وەربگرێت لە ساڵی ٢٠١٠

**ئا:کاروان فەرهاد**




هەفتەنامەیەکی کلتووری- ڕۆشنبیرییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەریدەکات

جێگری سەرنووسەر
محەمەد وەسمان

بەڕێوەبەری نووسین
هێمن حەساری

بەڕێوەبەری هونەری
کاوە فاروق

بەڕێوەبەری کارگێڕی
نەهرۆ عوسمان

دەستەی نووسەران
ئیسماعیل خالید گەلاڵی
هاوژین عومەر
هێمن نوری
عەلی شێخانی
ئەژی چەتۆ
بەهرام محەمەد (کاکل)
محەمەد سەعید کوردە
عیماد قادر
شیڤان شێرزاد

بەرپرسی پەیامنێران:
تەلار نادر

ژمێریاری:
نەجیبە سەلیم

پەیوەندییەکان
یاسین تەها
07504673807

www.heremikurdistan.com
heremi_kurdistan@yahoo.com
ghkurdistan@gmail.com

ناونیشان:
هەولێر -40 مەتری
نزیک فولکەی کشتوکاڵ

نرخ (500) دینار